کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-4-2007 22:05 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

Khalidabdula2000@yahoo. com

## کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەردەم گۆڕان ... خالد گرّاوی



هەر لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی 1979، دەستەڵاتەکەی هەوڵی دا بە شێوەیەکی فرەوان وسەرەکی، لە بڕیاری دارشتنی سیاسەتی ناوچەکە، لە پێشەوەی هەموو هێزە سیاسیەکانی جیهان بێت، بە کارا کردنی شیعەکانی ناوچەکە، پشگیری کردنی سیاسی و مادی و بەهێز کردنیان بۆ پراکتیزە کردنی بەرنامەکانی، بە ئاشکرا کردنی مەرامیان لە دژایەتی کردنی سیاسەتی ئەمریکا و ئیسرائیل، بە بەرز کردنەوەی دورشمی (مەرگ بەر ئەمریکا) (مەرگ بەر ئیسرائیل)، زەق کردنەوەی سەرەتای مەرامە دوژمنکاریەکەی لەگەڵ ئەمریکا لەوێوە دەستی پێکرد.
پیلانەکانی ئەمریکا و کاردانەوەی بەرامبەر ئەو سیاسەتە نامۆیەی ئێران لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراق دەستی پێکرد، کە توانی سنوری پەلکێشیەکانی ئێرانی لە ناردنی شۆڕش بۆ دەرەوە بەرتەسك بکاتەوە و بە ڕادەیەکی زۆر بێهێزێ بکات و، زیانێکی گەورەی لە جەستەی گەلانی ئێران بدا، بەڵام سەرانی حوکم توانیان زەمینەیەکی تازەی دۆستایەتی نوی دورست بکەن بۆ دژایەتی ئەمریکاو خۆرئاوا، لەرێگای خۆسازدان و پرچەك كردنی وڵاتەکەیان.
ئێران لەڕوی ئابوری ژێرخانێکی گەورەی هەیە، وە لە دوای تەواو بونی جەنگ، توانایەکی بەرچاو خێرای لە هەڵسانەوەی هەبوو، وەچاوەڕوانی بەرە و پێشوە چونی گەورەی لێدەکرا لە ناوچەکە، ئەگەر ژیرانە لەگەڵ هاوکێشە سیاسیەکان و بارو دۆخی دوای گۆڕانکاریە تازەکانی جیهان مامەڵە بکات.
لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، ئێران نەیتوانی دەستە وەستان بوەستێت و کار بۆ سەقامگیری ئەو وڵاتە بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هیچ خوێندنەوەیەکی زیرەکانەی لی بەدی نەکرا و، بەدوای جی بەجێکردنی دورشمە کۆنەکانی کەوت، بە پشگیری و دەست لە پشت دانی هێزە شیعیەکان و چەکدارکردنیان بەئاشکرا والا کردنی سنوری نێوانیان، وا ی لە گروپە شیعیەکان کرد بە تەواوی وابەستەی ئێران بن و لە هەموو پرسەکان بگەرێنەوە بۆ مەراجیعەکانی قوم وتاران.
قۆستنەوەی بارودۆخی دژواری عێراق بۆ دژایەتی کردنی هاوپەیمانان، بە مەشق پێکردن و ناردنی گروپی چەکداری و چەکی نویی لە مینی دژە تانك و ڕۆکێتی دژە فرۆکە، کە لە کەوتن و تێك و پێك شکاندنی حەوت هەلیکۆپتەرەکەی هاوپەیمان لە ماوەی ڕابردوو، لە گرتن و کوشتنی هەندی لە لایەنگرانی ئێران لە عێراق، ئاشکرا بوو وە لێدوانی ڕەسمی لەبارەیان بڵاو کرایەوە.
ئێران بە پشتیوانی لە جەنگی تیرۆر ناسراوە، کە ئەمرۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان دژی ئەو جەنگە وەستاون، لەتەمەنی 28 ساڵ حوکمرانیەکەی ئەم سیاسەتەی پیادە کردوە، هیچ شك وگومانێکی نەهێشتۆتەوە، سەرەتا لە لبنان دەستی پێکرد بە چەکدار کردنی حیزبولا و پشتیوانی کردن و بەهێز کردنی بە هاوکاری ڕژێمی سوریا بۆ لادانی لایەنگرانی ئیسرائیل لە لوبنان و دژایەتی کردنی حکومەتی ئیسرائل.
پیلانەکانی ئەمریکا بۆ دانانی سنورێك لە بەردەم هەڕشەکانی ئێران، پێدەچێت بە سیناریۆیەکی باشتر و تۆکمە تر بێت لە ڕوخانی رژێمی بەعس پیادە بکرێت، هەرچەندە کورە ئەتۆمیەکانی ئێران

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:05 10-4-2007

ئەمڕۆ بە تەنها جێگای ناڕازیبونی ئەمریکا نیە بەڵکو سەرجەم وڵاتە ئەوروپیەکان، لەگەڵ ئێرانێکی ئیسلامی ئەتۆمی نین، لە پێشەوەی ئەمریکا لە دژی وەستاون، هەربۆیە بڕیاری 1747 ی ئەنجومەنی ئاسایش، کە سەرجەم وڵاتە خاوەن بڕیارەکان بەبێ دوودڵی ڕازی بون لەسەری بە ڕوسیا و چینی دۆستی ئێرانیش، وە ماوەی دوومانگیان بۆ داناوە، کەواز لە پیتاندنی یۆرانیۆم بهێنێ، بە تێپەڕ بونی ئەو ماوەیە و گوێ پێ نەدانی ئێران بۆیان هەیە گۆڕانی چاوەڕوان نەکراو لە بڕیارێکی تازە بێننە ئاراوە.

ڕاستە لە ئێران کۆمەڵێك بیروڕای جیاواز هەیە، بەرامبەر چۆنیەتی مامەڵ کردنیان لەگەڵ واقعی جیهانی تازە، بەڵام ئەوەی زیاتر بنەمای بڕیاری وڵاتەکەی لەسەر دادەڕێژرێت توندڕەو دژە ڕۆژئاوایەکانن، کە ئەحمەدی نەژادی سەر بەو گروپەیە و مێژوو ڕابردوو کارو بڕیارو شوناسی لەوێوە سەرچاوەی گرتوە.

ئێران سورە لەسەر جی بەجی نەکردنی بڕیاری نێونەتەوەیی سەبارەت بە پیتاندنی یۆرانیۆم، دەیەوی بە هەمان نەفەسی پێشو بە دوو ئاراستەی هاوڕێك کاربکات، لەلایەك درێژە بەبەرنامە ئەتۆمیەکەی بدات و لەلایەکی تر دانوستان بکات، بەڵام پاش دەرچونی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش ئامانژەکانی گۆڕان و دەرچون لەم دۆخە خیراتر بوە، کە زۆربەی چاودێرە سیاسیەکان، داهاتوو لە بەرژەوەندی ئێران نابین.

خۆگێف کردنەوەی ئێران بەرامبەر هاوپەیمانان، جارێك بە سازدانی مانۆر و، جاری بە گرتنی پانزە سەربازی بەریتانی، جگە لە تەنگەتاوی سیاسی بەرانبەر زوو خۆ ئامادەکردن بۆ ئەگەرەکانی کاردانەوەی هاوپەیمانان، زیاتر هیچیکەی لێیەدی ناکری.

ڕاستە ئێران کارتێکی گەورەی نەوت و پشگیری شیعەکانی لەعێراق و لوبنان و سوریا هەیە، بەڵام ئەمانە ئەو هاوسەنگیە سەربازیە پڕناکاتەوە، کە لە نێوان ئێران و ئەمریکا دا هەیە.

سەرانی بڕیاری ئەمریکا ماوەیەکە شەڕیان دژی ئێران دەست پێکردوە، بە گرتنی قونسولخانەی ئێران لە هەولێر کە دواتر لەلای باڵوێز خەلیلزاد ئاشکرا کرا کە ئەم پێنج کەسە ئەفسەری پایە بەرزی هێزی قودسی سوپای پاسداران بونە.

سەرۆك بۆش ڕایگەیاند، گرنگ تر ین شت لایان سەرکەوتنیانە لە ستراتیجەتەکەیان لە عێراق، ئەگەری یەکلا کردنەوەی کێشەکە بە هێرشێکی سەربازی دەسپێك نزیکترە لەرێگا چارەکانی تر، لەبەرئەوەی ئێران پێگە جوغرافیاکەی پڕ بایەخە، ئێستا بۆتە لەمپەرێکی بەردەمی ستراتیجیەتی ئەمریکا، گۆڕینی شێوازی حوکم لە ئێران واتە باڵا دەستی ئەمریکا لە سەرجەم ناوچەکە، وە بەمەش پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل مسۆگەرتر دەکات، و دەبێتە هۆکاری کەم کردنەوە و نەهێشتنی هەرەشەکانی حیزبوڵا لەسەری وە لە هەمانکاتدا ڕژێمی سوری پەرپاڵ دەکات، وە کۆنترۆڵی سەرجەم سەرچاوە نەوتیەکانی ناوچەکە، جگە لەدابین کردن ومسۆگەر کردنی ئاسایشی ناوچەی کەنداو، کە ئەمڕۆ گەورەترین بازاڕی بازرگانی یە لە ڕۆژهەڵات.

ڕوسەکان وەك دۆستێکی ئێران، دامەزرینەرو هاوکاری بونە لە بنکە ئەتۆمیەکەی بوشەهر، بەڵام پاش دەرکردنی بڕیاری 1747، ئەو وڵاتەیان جێهێشت وە هەمان سیناریۆی میسریان دوبارە کردەوە، پێش ڕودانی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل، کە چەند ڕۆژی پێشتر وڵاتەکەیان جێهێشت.

مل نەدانی ئێران بۆ بڕیارە نێودەوڵتیەکان و، بونی کۆ ڕایەکی جیهانی دژی چەکی ئەتۆمی و، هێنانی هێزی سەربازی دەریایی ئەمریکی گەورە بۆ کەندا و، سەرەتای هاتنە پێشەوەی گۆڕانێکی گەورەن لەو وڵاتە و، پێشبینی کارەسات و ئاژاوە و تێکچونی ئاسایشی ناوچەکەشی لی دەکری.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.